## کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Referendum for Kurdistan

# دژی هەڕەشەکانی سیستانی بۆ سەپاندنی حکومەتی ئیسلامی ڕاوەستن

عەلی سیستانی ڕۆژی 6ی شوبات لەبەیانیکی مەکتەبەکەیدا ڕایگەیاندوە"ئیسلام لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا دەبێت تاکە سەرچاوەی یاسادانان بێت لە عێراقدا" و " جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت ڕەفز دەکاتەوە و خەتەری ئاکامەکانی هێورناکاتەوە".هاوکات ئاماژەی بە یەکسانی ژن وپیاویش کردوە کە وەك هەربەندێکی تر کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا نەگونجێت دەبێت لابرێت و ئەم خالانە سازش ومساوەمە هەڵناگرن. ئەم ڕاگەیاندنەی سیستانی چاوەڕوانکراوبوو لەبەرئەوەی نەخشەی فشارهێنانی ئەو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەساڵی پاردا بۆ بەدەستهێنانی هێز بوو لە هەڵبژاردنەکانەوە بۆ سەپاندنی دەستور ودەسەلاتی ئیسلامی لە عێراقدا . ئێستاش لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە کاتی ئەوە هاتوە کە ئەم هێزەی خۆی لە واقعدا نیشان بدات و پێداگری لەسەر سەپاندنی دەسەلاتی تاقانە ودیکتاتۆریانەی دین و شەریعەتی ئیسلامی بکات.

ئەم چارەنوسەی سیستانی و ئیئتلافەکەی بۆ عێراقیان بەدیاری هێناوە لە هەڵبژاردنەکانەوە هەمان ئەو چارەنوسە ڕەش و بێمافیەیە کە خەڵکی ئیران نزیك بە سی ساڵە بەدەست جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە تالاوەکەی دەچێژن. سەپاندنی یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی و سەرکوتی مافی خەڵکی کوردستان و بێمافی ژنان و نەبونی ئازادی بیروباوەڕ و نەبونی ئازادیە فەردی و کۆمەلایەتیەکان و هتد.. ئەمە بەرنامەی سیستانی وئیئتلافەکەیەتی ودەیانەوێت بەناوی ئەو دەنگدانەی هێناویانە ئەم دەستور ودەسەڵاتە کۆنەقپەرستانەیە لە عێراقدا بسەپێنن.

کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان جەماوەری ئاگادارکردەوە لەم ئاکامە زیانبارەی هەڵبژاردن کە دەسەلاتی ئیسلامی وعەرەبی بەسەر خەڵکی کوردستانی دەسەپێنرێ و ئێستاش ئەمە دیاری وپاداشتی دیموکراسی وفیدرالی ویەکێتی عێراقە کە یەکێتی وپارتی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە پێشکەش بەخەڵکی کوردستانی دەکەن. بێگومان شەڕی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وعێراق دژی سیستانی و ئیئتلافە ئیسلامیەکەی دەست پێدەکات و شەڕ لەسەر دەستوری هەمیشەیی عێراق و نەسەپاندنی ئەم دەسەلاتە کۆنەپەرستانەیە مەیدانی ئەم کێشمەکێشەیەیە.

کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ڕێگای سەرەکی شکست پێهێنانی ئەم هەوڵانەی سیستانی وئیئتلافە ئیسلامیەکەی بۆ سەپاندنی حکومەتی ئیسلامی وعەرەبی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بە بەرپاکردن و ڕاگەیاندنی رفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان لە عێراق دەزانێت و لەم پێناوەدا جەماوەری ناڕازی کوردستان بەرامبەر بەهەڕەشەکانی سیستانی بانگەوازدەکات بۆ هاتنە مەیدان لە پێناو سەپاندنی خواستی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستاندا و کردنی بە ئەمری واقیع لە ئێستادا. ئەمە تەنها ڕێگای پاراستنی مافی چارەنوس وسەربەخۆیی کوردستانە و نابێت ڕێگە بە سازش و مساوەمەی یەکێتی وپارتی بدرێت بۆ ژێردەستەکردنەوەی خەڵکی کوردستان و قبوڵکردنی چوونە ژێرسایەی حکومەتی ئیسلامی وعەرەبی لە عێراقدا.

کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان بانگەوازی جەماوەری کوردستان و لایەنە سیاسی وجەماوەریەکان و کەسایەتیەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان وە هەروەها هێزی هاوپشتی نێونەتەوەیی خەڵکی کوردستان لە ئەحزاب و پەرلەمان و پەرلەمانتار وکەسایەتیە جیهانیەکان و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەکات بۆ پشتیوانی کردن لەم کەمپینە دژی هەڕەشەکانی سیستانی  کە لە ماف وچارەنوسی خەڵکی کوردستان وژنان وئازادی لە عێراقدا دەکات .

2005/02/08

**TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk**www.kurdistanreferendum.net